کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 22:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## IWPR، ڕۆژنامەوانی پێنج ڕۆژە و ڕاپۆرتی پەنجا دۆلاری ... ڕاپۆرتی: هیلال ئیبراهیم

پەیمانگای ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی iwpr یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە لەدوای هێرشکردنە سەر عێراق لەساڵی 2003 وە وەك هەر ڕێکخراوێکی دیکە ڕووی لەم وولاتە کردووە بە مەبەستی پشتگیری کردنی بواری ڕۆژنامەوانی. هەروەها ئەم ڕێکخراوە بەشی ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانی رادیۆیی کردووە. لە هەردوو بوارەکەدا ژمارەیەکی جیاجیای فێرخواز ڕاهێنران. ئەنستیتۆی ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی بارەگای سەرەکی لە لەندەنە، جگە لە عێراق بەرنامەی لە بیست وڵاتی جیاجیای جیهاندا هەیە کە لە جەنگ و ناکۆکی ڕزگاریان بووە لەوانە: بەڵقان، قەوقاس و ئاسیای ناوەند و ئەفغانستان.

فەرهاد مەحمود بەڕێوەبەری نووسین لە پەیمانگای ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی IWPR دەربارەی هۆکارەکان و کاتی کردنەوەی ئۆفیسی ڕێکخراوەکەیان وتی"IWPR وەك ڕێکخراو لە ساڵی 1990 بۆ 1991دامەزراوە، بۆ پشتگیریکردن لە ڕۆژنامەگەریی ئازاد لەو وڵاتانەدا کە قەیرانیان تێدایە. لە کۆتایی ساڵی 2003دا هاتۆتە عێراق لە 2004دا هاتۆتە سلێمانی"

دەربارەی مەبەستی کاکردنی ڕێکخراوەکەیان لەو ناوچانەدا کەشەڕیان تێدایە یان بەقۆناغی شەڕدا تێپەڕبوون، فەرهاد مەحمود وتی"هەروەکو تایبەتمەندییەك IWPR لەو وڵاتانە ئیش ئەکات کە قەیرانی تێدایە بە حوکمی ئەوەی ئەو وڵاتانە داخراون و ڕۆژنامەنوسییەکی سەربەخۆو ئازادیان تێدا نییە هەوڵدەدات پەرە بدا بەو بوارە، IWPR ئامانجی سەرەکی گەشەسەندنی ئاشتیی و دیموکراسییە و بەباوەڕی ئێمەش یەکێك لە پایە هەرە گرنگەکانی ئاشتی و دیموکراسی لە هەموو وڵاتانی دنیادا ڕۆژنامەنوسی ئازاد و سەربەخۆیە".

IWPR، پارمەتییەکانی ئەمریکا و قەیرانی ئابوری لەدوای ساڵی 2005 پەیمانگاکە توشی قەیرانی ئابوری بوو دوای ئەوەی لە چەند لایەکەوە یامەتییەکانی ڕاگیران، چونکە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێی وابوو بارودۆخی ڕۆژنامەوانی لە عێراقدا بەرەو چاکبوون ڕۆشتووە. جگە لە خەرجییەکانی بەڕێوەبردن و کارمەندانی ڕێکخراوەکە، لە سەرەتادا بۆ هەر ڕاپۆرتێك 50دۆلار بۆ 75 دۆلار وەك پاداشت دەدرایە ڕۆژنامەنووسە ڕاهێنراوەکان.

بەڕێوەبەری نووسین لە ڕێکخراوەکە دوای ئەوەی باسی لە قەیرانی ئابوری لە ڕێکخراوەکەیاندا کرد ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەوان یارمەتی لە ڕێکخراوە جیهانییەکان وەردەگرن. هەروەها لەلایەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەریەك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەریتانیاوە یارمەتی دەدرێن. بەڵام فەرهاد ئەوەشی نەشاردەوە کە یارمەتی ڕێکخراوەکەیان لەلایەن وەازرەتی دەرەوەی بەریتانیاوە ڕاگیراوە. دەربارەی کارەکانی ئامانجەکانیان فەرهاد ئاماژەی بەوەدا کە ڕێکخراوەکەیان ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە و وتی"IWPR ڕێکخراوێکی ناحکومی قازانج نەویستە کۆمەك لە زۆر شوێنی دنیاوە وەردەگرێت وەکو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و حکومەتەکان و ئەو خەڵکانەی کە حەز بە پەرەسەندنی ڕۆژنامەنوسییەکی سەربەخۆو ئازاد دەکەن بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە قەیرانی تێدایە ئێستا گەورەترین پرۆگرامی (IWPR) لەمەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستاندایە ڕۆژنامەکانی کوردستان و خولەکانی IWPR

. ئەم ڕێکخراوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر شێوازی کارکردنی ڕۆژنامە لۆکاڵیەکان لەکوردستان توانا عوسمان سەرنوسەری پێشووی هەفتەنامەی هاوڵاتی باس لە ڕۆڵە ئیجابیەکانی ڕێکخراوەکە دەکات لەنێو هاوڵاتیدا چونکە ئەو ڕۆژنامەیە وەك یەکەم مەیدانی پراکتیکی ئەو ڕێکخراوە بوو لە کوردستان و زۆربەی کادرەکانی ڕۆژنامەکە خولیان لەو ڕێکخراوە وەرگرت. لەگەڵ ئەوەدا سەرنوسەرەکەی هاوڵاتی کەموکوڕی کاریگەرییە خراپەکانی ڕێکخراوەکەی لەسەر هاوڵاتی و ڕۆژنامەگەری لە کوردستان نەشاردەوە. ئەو دەربارەی ڕۆڵی ئیجابیەکان وتی"سەرەتا وەك هاوڵاتی سودمان لەو ڕێکخراوە وەرگرت یەکێك لەو سودانە مەسەلەی لایەنداریی و بێلایەنی بوو لە کارەکانماندا چونکە هاوڵاتی شوێنی یەکەمی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکخراوە بوو ئەو ڕێکخراوە کاری ڕۆژنامەوانی وەك کارێکی حرفی هێنایە ئێرە چونکە تا ئەو کاتە کاری ڕۆژنامەوانی وەك کارێکی حرفی تەماشا نەدەکرا شتێکی تر لە کاری ڕۆژنامەوانی لەو ڕێکخراوە فێری بووین وەرگرتنی ئیقتباس بوو لەلایەنێکی دیاریکراو و گواستنەوەی وەك خۆی، ئێمە پێمانوابوو کە دەبێت هەرچی ئەوان دەیڵێن پێویستە وەك خۆی بیڵێینەوە کە لەراستیدا ئەوە هەڵەبوو چونکە ئەو شێوازەی ئەوان تەواو شێوازی ڕۆژنامەوانی غەربیی بوو و موراعاتی خوێنەری ئیمەی تێدا نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە توانیمان کۆمەڵێك ئەزموون فێربین لەرێگای بنەما گشتیەکانی خولەکانی ئەوان کە دەیانگوتەوە". ناوبراو دەربارەی ڕۆڵی خراپی ڕێکخراوەکە ڕایگەیاندکە ئەو ڕێکخراوە بەدەر نەبووە لە سلبیات بۆ سەر کایەی ڕۆژنامەوانی کوردی چونکە ئێمە لەو باوەڕەداین کە پێویستە تەجاوزی ئەو حاڵەتە بکەین کە ئەو ڕێکخراوە دروستی کرد بۆ نمونە ئەوان دیاردەیەکیان وەردەگرت و ریپۆرتیان لەسەر دەکرد وە ریپۆرتەکان سەرجەمیان وەك یەك بوون و لەچوارچێوەی قاڵبێکدا ڕۆژنامەنوسەکە فێردەکرا و ئیتر نەیدەتوانی لەو چوارچێوە بۆی دیاریکراوە لابدات، ئەم جۆرە فێرکردنەش نەیدەتوانی خوێنەری ئێمە تێر بکات.

IWPR وەك تاقیگەی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەنووس مەرج نییە ئەوەی ڕاهێنانی دیبێت لەلای ئێمە ڕۆژنامەنووس بێت، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئێمە ساڵانە سەدان خەڵکمان ڕاهێناوە، بەڵام خەڵکێکی زۆر کەم ئیشمان بۆ دەکا، بۆیەهەرکەسێك ڕاهێنانی دی ڕۆژنامەنووس نیە ئەمەقسەی فەرهاد محمود بوو.

زۆری ژمارەی فێرخوازەکانی ئەم ڕێکخراوە یەکێك بوو لەو کێشانەی کە لەسەرەتاوە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ کاری ڕۆژنامەوانی دروستکرد لەم ڕووەوە توانا عوسمان وتی من لەو باوەڕەدام کە ڕۆژنامەنووس پێویستە هۆشیارییەکی ڕۆشنبیری قوڵی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە جزوری دیاردەکان تێبگات ئەمەی ئەو ڕێکخراوە ئەیکات و کردی موختەبەرێکە و دەواجینێکە بۆ ئینتاجکردنی ڕۆژنامەنوس، داوای ئەوە ناکەم و جاڕی ئەوە نادەم کە با کارەکتەری ڕۆشنبیرو سەحەفی دەمج بکەینەوە من لە گەڵ ئەوەدام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەبێت ئەم دووكارەكتەرە جیابكرێنەوە هە ردووكیان جیهانی خۆیان هەبێت رۆژنامەنووس بە زمانێك قسە ئەكات و خەیاڵی خۆی هەیە رۆشنبیرو ئەدیبیش بە زمانێكی تر قسە ئەكەن".
یەكێك لە بەشداربووانی خولەكانی ئەم رێكخراوە كە نەیویست ناوەكەی ئاشكرابكەین دەربارەی سودی خولەكانیانان وتی"ئەو خولەی كە من بەشداریم تێدا كرد وانەبێژان ئەزمونێكی زۆریان لەبواری رۆژنامەوانیدا هەبوو ئەو كێشەیەی كە دروست دەبوو لای بەشداربووان ئەوان لەسەر ئەوە رایان دەهێنایت كە بۆ خوێنەرێكی نێودەوڵەتی بنووسیت، بەڵام ئێمە لێرە تا ئێستاش رۆژنامەی لۆكاڵیمان هەیە نەك جیهانی هەروەها خاوەنی مێژوویەكی كەمین لەبواری رۆژنامەوانیدا ئەوەش كە هەمانە مێژووی راگەیاندنی حزبەكانە". ئەو كە لە چەند خولێكی رۆژنامەوانی ئەو رێكخراوەدا بەشداری كردبوو گلەیی لە نائامادەیی و كەموكوڕی وەرگرتنی فێرخوازان و تەنانەت رێكخراوەكەش كرد و وتی"ئەو رێكخراوە بەشێكی گەورەی ئەو نەهامەتیانەی كە بەسەر رۆژنامەی كوردیدا هات ئەو لێی بەرپرسیارە رۆژنامەنووسی سەرگەردانی دروست كرد كە نەزانیاری گشتیان هەیە نە ئەزمون".
سەندیكای رۆژنامەنوسان و IWPR
لەچەند بۆنەیەكی جیاوازدا ئەم رێكخراوە گلەیی خۆی لە سەندیكای رۆژنامەنوسان كرد لەوروەوە ناتوانن دەنگی رۆژنامەنوسی ئازادبن. ئەوانیش رەخنەی خۆیان لەم رێكخراوە و كارەكانی هەیە.
فەرید زامدار بەرپرسی لقی سلێمانی سەندیكای رۆژنامەنووسان دەربارەی كارەكانی پەیمانگاكە وتی"ئێمە گلەییمان لە كاری رێكخراوەكە نییە بەڵام دەبوو ئەوان كە هاتوونەتە سەر خاكەكەی ئێمە پرسیان بە ئێمە بكردایە بۆ ئەوەی هاوكاری هەماهەنگی لەنێوانماندا دروست بووایە". دەربارەی رەخنەكانی ئەو رێكخراوە لە سەندیكای رۆژنامەنووسان فەرید زامدار وتی"ئەوان بە چ هەقێك رەخنە لە سەندیكاكەی ئێمە دەگرن، رۆژنامەنووسانی كوردستان ئێمەیان هەڵبژاردووە بۆ راپەڕاندنی كارەكانیان و بەرگری لێكردنیان یان ئەوان، لە كاتێكدا ئێمە نازانین پێشینەی ئەو رێكخراوە چییە".
هەروەها فەرید زامدار ئاماژەی بەوەدا كە ئەو رێكخراوانە چ ئەمریكی بن یا بریتانی یان سویدی نابی بەوە هەڵخەڵەتێین كە ئەوانە فریشتەن

تێبینی: ئەم راپۆرتە لە ژمارە (227) ی رۆژی 2007/6/14ی رۆژنامەی (كوردستان راپۆرت) بڵاوكراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.